# کاردانەوەکانی "بەرگری لە قورئان" لە شەقامی شیعیدا

25-07-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** لە سەر ئاستی شیعی تەنیا سەدر و حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنان ڕووداوەکەی سویدیان قۆستەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هێرشکردنە سەر بەها نوێکانی ئەوان و داوایان کرد باڵیۆزی سوید لە وڵاتانی ئیسلامی دەربکرێت، لەکاتێکدا لەسەر ئاستی سوننی هەڵوێستەی توند سەر ڕووداوەکە نەبوو. بەتایبەت ساڵانێکە بۆچوونێك لەناو ڕەوەندی موسڵمان لە ئەورووپا خەریکە دەردەکەوێت کە داوا دەکات بەڕێی پشتگوێخستن و فەرامۆشکردن، سیحری ئەو کەسانە بەتاڵ بکەنەوە کە لەڕێی هێرشکردنە سەر پیرۆزییە ئاینییەکان بەدوای خۆدەرخستن و ناوبانگەوەن.

سووتاندنی چاپێکی قورئان لەلایەن پەنابەرێکی عێراقییەوە کاردانەوەی جۆراوجۆریشی لە پاکستانەوە تا ڕۆژئاوای عەرەبی و جیهان بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام لە عێراق و لەسەر ئاستە شیعییەکەیشی بەتایبەتی، وەڵام و کاردانەوە تووندەکان خوێندنەوەی دیکە هەڵدەگرن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و جۆرەکەیان کە هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانە و درووستکردنی کێشەی پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیی پاراستنی نێردە دیبلۆماسییەکانە بەپێی ڕێککەوتنی ڤیەننا. هەروەها، تێکەڵبوونی ئەو کاردانەوانەیە لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی هەندێ کێشەی پێشتری نێوخۆی ماڵی شیعە کە زەقترینیان هەرای ئەم دواییەی نێوان سەدرییەکان و حیزبی دەعوەی ئیسلامییە بە سەرۆکایەتی مالیکی لەبارەی بە ئامانجگرتنی ئایەتوڵڵا محەمەد سەدر کە مەرجەعی کۆچکردووی سەدرییەکان و بزووتنەوەی عەسایب و باوکی ڕۆحیی زۆر بزاڤ و کەسایەتی شیعەی سیاسییە.

لە کاردانەوە شیعییەکاندا لەسەر ڕووداوەکەی سوید، موقتەدا سەدر لە هەمووی زیاتر پێداگر و توووند بوو کاتێک هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر حکومەت هەڵوێستی نەبێت، "ئەوا بەڕێگای تایبەتی خۆی کاردانەوەی دەبێت"، بەدوای ئەمەشدا هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانەی سوید (20ی تەمموزی 2023) لەلایەن سەدرییەکانەوە قەیرانێکی دیکەی بۆ دیبلۆماسیی عێراق دروستکرد. لە کاتێکدا لە ئێران و سعودیە کە دوو جەمسەری ئیسلامی گەورەی ناوچەکەن کاردانەوەکان زیاتر ناڕەزایی فەرمی بوون و بەڕێگای دیبلۆماسی کران؛ لە سعودیە بەیاننامەیەکی ئیدانەی وەزارەتی دەرەوە دەرچووە، لە ئێرانیش بەهەمانشێوە کرا و هەردوو وڵاتیش، باڵیۆزی سویدیان بانگهێشت کردووە بۆ گەیاندنی ناڕەزایی. لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی و عەرەبیش لە چەشنی عێراق دۆخەکە بەرەو تێکدانی پەیوەندییەکان نەچووە. بەشێك لە هۆکاری ئەمەش جگە لە تەنگ پێهەڵچنینی سەدر و لایەنگرەکانی، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سوتێنەری چاپە قورئانەکە (سەلوان مۆمیکا) بە ڕەگەز عێراقییە و لەگەڵ ئەوەشدا سووکایەتی بە ئاڵای عێراق و وێنەی موقتەدا سەدریش کردووە.

پاش ئەوەی سوید باڵیۆزی خۆی لە بەغدا کشاندەوە و عێراقیش بە هەمانشێوە باڵیۆزەکەی لە ستۆکهۆڵم کشاندەوە و قەیرانەکە لەخاڵێکدا وەستا، سەدر ڕکابەرەکانی تۆمەتبارکرد کە بێدەنگ بوون و هەرچی ئەم بتوانێت بیکات لە "شۆڕشی قورئان" کردوویەتی. ئەمە لە کاتێکدایە کە چوارچێوەی هاوئاهەنگی خۆپیشاندانی ناڕەزاییان بۆ هەمان مەبەست هەبووە و پشتیوانی هەنگاوەکانی سوودانیيان کردووە دژی سوید، بەڵام ئەوان لە دەسەڵاتدان و ئەرك و پابەندییان لەسەرە و، ناتوانن وەك سەدر هێندە توووند بڕۆن بەرامبەر سوید و وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەمەش یەکێکە لەوگۆشانەی کە سەدر ڤۆستییەوە بۆ شکاندنی بێدەنگی لەلایەك و تەنگەتاوکردنی ڕکابەرە شیعە حوکمڕانەکانی لەلایەکی دیکە. بەوەش ناچاریکردن کە بەدوای کاردانەوەکانی ئەو بکەون.

ناکرێت گومان لە ڕاستگۆیی سەدر بکرێت بۆ بەرگری لە قورئان یان ئاڵای عێراق، یەکەمیان چونکە پیرۆزییەکی گەورە و نەگۆڕی ئیسلامییە و ئەویش کەسایەتییەکی ئایینییە، دووەمیشیان سیمبولی نیشتمانپەروەری عێراقیانەیە کە دروشمێکی سەدرە، بەڵام بەراورد بە هەڵوێستەکانی ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعی باڵای شیعە و ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی، کاردانەوەکانی سەدر زۆر توووندترن؛ سیستانی لە نامەیەکدا بۆ ئەنتۆنیۆ گۆتێریس وێڕای ئیدانەی ڕووداوەکەی سوید داوا دەکات کە لەڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێگا لە دووبارەبوونەوەی بگیرێت و ئەو یاسایانە بگۆڕدرێن کە ڕێگە بە سووتاندنی قورئان و تێکدانی پێکەوەژیان دەدات، ئایەتوڵڵا خامنەییش وێڕای ئیدانەکردن، داوای ڕادەستکردنی ئەنجامدەرانی سووتاندنی قورئانی بە وڵاتانی ئیسلامی کردووە.

لە سەر ئاستی شیعی تەنیا سەدر و حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنان ڕووداوەکەی سویدیان ڤۆستەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هێرشکردنە سەر بەها نوێکانی ئەوان و داوایان کرد باڵیۆزی سوید لە وڵاتانی ئیسلامی دەربکرێت، لەکاتێکدا لەسەر ئاستی سوننی هەڵوێستەی توووند سەر ڕووداوەکە نەبوو. بەتایبەت ساڵانێکە بۆچوونێك لەناو ڕەوەندی موسڵمان لە ئەورووپا خەریکە دەردەکەوێت کە داوا دەکات بەڕێی پشتگوێخستن و فەرامۆشکردن، سیحری ئەو کەسانە بەتاڵ بکەنەوە کە لەڕێی هێرشکردنە سەر پیرۆزییە ئایینییەکان بەدوای خۆدەرخستن و ناوبانگەوەن.

بەگەڕانەوە بۆ عێراقیش، باوەڕێك دروستبووە کە سەدر مەسەلەی قورئان بکاتە دەستپێکی گەڕانەوەی بۆ ناو ژیانی سیاسی پاش ئەوەی لە نێوەڕاستی حوزەیرانی 2022دا لە ڕۆژگارێکی تورەییدا بڕیاری کشاندنەوەی 73 پەرلەمانتارەکەی دا و چەند مانگێکی زۆر لە نەجەف ڕۆژووی بێدەنگی هەڵبژارد. ئەگەر ئەم خوێندنەوە و ئاماژانەش وەها دەربچن، ئەوا هەڵبژاردنێکی گەرم و پڕ لە ڕکابەریی پارێزگاکان لە کۆتایی ئەمساڵدا چاوەڕێی عێراق دەکات و هەندێ ئاماژە و لێکدانەوەش پێیانوایە دەبێتەهۆی دواخستنی پرۆسەکە چونکە سەدرییەکان و سەرۆکوەزیرانیش، بۆ بەشداریکردن کات و ئامادەکارییان پێویستە.

ئێستا کە سەدر گۆشەگیرە، چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعی سەرقاڵی چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆیانن، سەدرییەکانیش لەسەر ئاستی جەماوەر و کادر لە دۆخی خۆ خواردنەوە و چاوەڕوانیدان. هەروەها جارێکی دیکە ئەوەیان بۆدەرکەوت کە دەشێ دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی ببێتە هۆیەك بۆ لاوازکردنیان. بۆ کۆتایی هێنان بەمەش تەنیا و تەنیا ڕێبەری ڕەوتەکە کە موقتەدا سەدرە، دەتوانێت وەها بڕیارێك بدات و دەرکەوتنەوەی بەهێزیشی لە پەرچەکردارەکانی قورئان و لە بەرگریکردنی لە میراتی باوکی و پێگە

ئاینییەکەی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە. لەلایەک ئەمە سەرەتا و دەستپێکی گەڕانەوەیە بۆ چالاکی و جمووجوڵ و، لەلاکەی دیکەشەوە، بەشێکە لە پلانی ماندووکردن و تەنگەتاوکردنی بەرامبەرە رکابەرەکانی کە پابەندی دەسەڵاتن کە ناتوانن وەک سەدر بەرامبەر سوید و دانیمارک و بەیاننامەکانی ئەمەریکا گوتاری ئاگرین و "شۆرشگێڕانەیان" هەبێت، لەکاتێکدا هەردوولا لە رکابەرییەکەی تووندان لەسەر ئەوەی کە کامیان "موقاوەمە" ی راستەقینەی شیعەن.